فایلی

# دەقی شانۆیی

دەقی شانۆیی

* **هۆراسیەکان و کۆریاسیەکان**
نوسینی: برتۆلت برێشت
وەرگێڕانی لە ئەڵمانیەوە: ئەنوەر قادر ڕەشید

* **ببورە .. هەڵەبووم**
داڕشتنەوەی دەق
موفق عارف لهۆنی




# هۆراسیەکان و کۆریاسیەکان

**نوسینی: برتۆلت برێشت**
**وەرگێڕانی لە ئەڵمانیەوە: ئەنوەر قادر ڕەشید**

کۆرسی کۆریاسیەکان:
کۆریاسیەکان، بۆچی یەکتر
قەلاچۆکەین؟
دیسانەوە
زستان تێپەڕی، ئێمە هێشتا
رقی تۆڵە بەرەو تەنگەشەمان
دەکێشێ
جەنگ لە پێناو داگیرکردن و
کانزاکاندا
لەبەر ئەوە بڕیارماندا
سێ سوپای پڕ چەک ئامادە
بکەین
بە زەبری چەک خۆمان
بگەیەنینە هەرێمی هۆراسیەکان
چۆکیان پێ دادەین و
گشت سامانی سەرزەوی و بن
زەویان بخەینە ژێر دەستمان
(هاوار لە هۆراسیەکان دەکەن)
چۆک دادەن
چی کێڵگە و کارگە و کەرەسەتان
هەیە تەسلیمی بکەن
دەنا بە هێزی سوپا دێینە
سەرتان و
ناهێڵین تاکتان دەرچێ
کۆرسی هۆراسیەکان: ئەوە
جەردەکان بە هێزێکی
زەبەلاحەوە هاتن
دەیانەوێ
تەنیا کاتێک ژیانمان بپارێزن کە
ئێمە
هەرچی بۆ ژیانمان پێویستە
بیاندەینێ
بۆچی دەبێ لە مردن زیاتر
بترسین وەک لە برسێتی؟
نەخێر، خۆمان بەدەستەوە
نادەین
کۆرسی کۆریاسیەکان:چەک و
سوپا دەخەینە ژێر دەستی
فەرماندەکانمان
کۆرسی هۆراسیەکان:چەک و
سوپا دەخەینە ژێر دەستی
فەرماندەکانمان
(هەر یەکە لە فەرماندەکان
ئالایەکی بچووک بە کەتافیەکەی
سەر شانیەوەیە و ژمارەی
تیپەکان بەپێی جۆرەکەی
لەسەر تابلۆی هەر لایەنێکیان
نووسراوە)
کۆرسی کۆریاسیەکان:
فەرماندە، فەرموو
ئەوا حەوت بەتارلیۆن تیرهاوێژ
دەخەینە ژێر فەرمانتان
کۆرسی هۆراسیەکان: فەرماندە،
فەرموو
ئەوا پێنج مەفرەزە رم بەدەست
دەخەینە ژێر فەرمانتان
کۆرسی کۆریاسیەکان:
فەرماندە، فەرموو
ئەوا دوانزە بەتارلیۆن شمشێر
بەدەست
دەخەینە ژێر فەرمانتان
کۆرسی هۆراسیەکان: فەرماندە،
فەرموو
ئەوا حەوت مەفرەزە تیرهاوێژ
دەخەینە ژێر فەرمانتان
کۆرسی کۆریاسیەکان:
فەرماندە، فەرموو
ئەوا حەوت بەتارلیۆن رم
بەدەست
دەخەینە ژێر فەرمانتان
کۆرسی هۆراسیەکان: فەرماندە،
فەرموو
ئەوا دوانزە مەفرەزە شمشێر
بەدەست
دەخەینە ژێر فەرمانتان
هەموو فەرماندەکان: چەکمان بۆ
بهێنن
(تیر و کەوان
و رم و شمشێر و قەڵغان
دەهێنن)
کۆرسی کۆریاسیەکان: لەو
هەموو چەکانە باشترینیان
هەڵبژێرن
کۆرسی هۆراسیەکان: ئەوە
چەکەکانتان
(کۆمەڵێ تیر و کەوان دەخرێتە
بەردەم کۆریاسیەکان)
کۆریاسیەک: ئەگەر
کەوانەکەم چاک نەبێ
ناتوانم بجەنگم
(کۆریاسیەکە کەوانێک
دەچەمێنێتەوە تا دەشکێ)
کۆرسی کۆریاسیەکان: فڕێیدە
(کۆریاسیەکە کەوانەکە فڕێدەدا
و یەکێکی تر دەچەمێنێتەوە،
ناشکێ)
کۆریاسیەکە: بەمەیان
قایلم
(کەوانێک دەخرێتە بەردەم
هۆراسیەک و لەسەرخۆ
دەیچەمێنێتەوە)
هۆراسیەکە: دەتوانم
زیاتری بچەمێنمەوە، بەڵام
دەشکێ
کۆرسی هۆراسیەکان: پێی
رازی بە، هی ترمان نیە
هۆراسیەکە: بەڵام
تیرەکەی، دوور ناهاوێژرێ
کۆرسی هۆراسیەکان: کەواتە
لە دوژمنەکەت نزیک بەرەوە
هۆراسیەکە: بەڵام
دەکەومە مەترسیەوە
کۆرسی هۆراسیەکان: بەڵێ

ئافرەتانی هۆریاس: ئەگەر
تیرهاوێژ بەکەوانەکەی رازی
نەبێ
ناتوانین بجەنگین
هۆراسیەکە: (خێرا)
پێی رازیم
(دوو رم دەدرێ بە
هۆراسیەک)
کۆرسی هۆراسیەکان: ئەمە
رمەکەتە و ئەوەش
رمی کۆریاسیەکەیە، دەبینی
هەردوکیان وەک یەک درێژ و
قورسن
دیارە تۆ
چەکێکی هاوتات لەگەڵ
بەرامبەرەکەت هەیە
کۆرسی کۆریاسیەکان: رمێکی
تازە بهێنە
(رمێکی زۆر درێژ دەدرێ بە
کۆراسیەکە، سێهەمیان پێنج
قەڵغانی گەورەی دەدرێتێ،
لەیەکێکیانەوە دەچێ بۆ ئەوی
دی تابزانێ شمشێر دەیانبڕێ،
سیانیان شمشێر دەیانبرێ
و لەدوانەکەی تر یەکێکیان
هەڵدەگرێ)
کۆریاسیەکە: شمشێرەکەم
کول بوو
(شمشێرێکی تری بۆ دەهێنن)
کۆرسی کۆریاسیەکان: ئەوە
یەکێکی نوێت هەیە
(کۆریاسیەکە کلکەئەسپی
خودەکەی سەری لێ دەکاتەوە
و بە شمشێرەکە دەیبڕێ)
کۆریاسیەکە: بەم شمشێر
و قەڵغانە باش ئامادە کراوم
(هۆراسیەکان قەڵغانێکی گەورە
و یەکێکی بچووک دادەنێن)
هۆراسیەک: دەمەوێ
تاقی بکەمەوە، تا بزانم
(قەڵغانە گەورەکەیان دەبڕێ و
روو لە بچووکەکەیان دەکات)
کۆرسی هۆراسیەکان: بوەستە،
ئەوەیانت تاقی کردەوە
ئەمی تریشیان لە هەمان
کەرەستە دروست کراوە
بەڵام ئەویان باش
نەبەسترابوو
(جەنگاوەرێک قەڵغانەکەی
بۆ دەگرێ، هۆراسی دووەم
تێی دەسرەوێنێ، لێدانەکەی
دەخزێ)

هۆراسیەکە: تێدەگەم،
ئەو بەرگەی لێدانی رووبەڕوو
ناگرێ
پێویستە ئاگاداربم کە لێدانەکەی
بخزێ
کۆرسی هۆراسیەکان: پێویست
دەکا قەڵغانە گەورەکەت بۆ
چاک بکەینەوە؟
هۆراسیەکە: نەخێر،
بچووکەکە دەبەم سووکەڵەیە
(هەڵیدەگرێ)
ئەم قەڵغانەم بەلاوە چاکە
بەمەوە جووڵەم باشترە،
شارەزای شمشێرەکەشم
خۆم دروستم کردووە
بەوپەڕی تواناموە ئەنجامم
داوە
ئافرەتانی هۆراس و کۆریاس:
دەی برۆن
هەمووتان ناگەڕێنەوە
فەرماندەکانی کۆریاس:
مەگرین
خۆئامادەکەن بۆ زەماوەندی
سەرکەوتن
ئێمە بەدەسکەوتەوە
دەگەڕێینەوە
ئافرەتانی کۆریاس: تا
گەڕانەوەتان رۆژ دەژمێرین
جێگاتان لەسەر خوان و جێی
نوستنتان
بە چۆڵی دەمێنێتەوە
فەرماندەکانی هۆراس: چۆن
کێڵگە دەکێڵن؟
بەبێ ئێمە چۆن کاروبار
رادەپەڕێنن؟
ئافرەتانی هۆراس: خەمتان
نەبێ، کێڵگەکان
دەکێڵرێن، تەنیا خەمتان
ئەوەبێ
وا بجەنگن کە بەروبووم هی
خۆمان بێت
کۆرسی هۆراسیەکان: لە
پێناوی سەرەنگرێ کردنی
دوژمندا
بۆ ئەوەی نەکەوینە ژێر
دەستیان
تا کەرەستەو و کێڵگەکانمان
داگیر نەکرێن
بڕیارماندا سێ مەفرەزە بەرێ
بخەین
خەبات بکەین
تا بەتەواوی دوژمن دەبەزێنین

(1)
جەنگی تیرهاوێژان

هۆراسیەکە: دوێنێ
ئێوارە
دوژمن ئەو جێگایەی گرت
کە من مەبەستم بوو بیگرێ
وام هەڵبژاردووە کە ئەو
لە پشت چیاکەوە بێت تا پێم
بگات
بەو شێوەیە لەیەکتر نزیک
دەبینەوە
نێوانمان ئەوەندە دەبێ کە
بتوانم
تیرەکەمی ئاراستە بکەم
ئێستا من چاوەڕوانی خۆر
هەڵهاتنم
خۆریش دەبێ لە کاتی گونجاودا
هەڵبێت
کۆریاسیەکە: بەرامبەرەکەم
لە ناو ئەو چیایانە چاوەڕوانمە
کە من شارەزایان نیم
نازانم چەند لێمەوە نزیکە
بەڵام (با) بەرەورووم نییە و
کەوانەکەم کەوانی چاکە
چاوەڕێی خۆر هەڵهاتن دەکەم
هەردووکۆرس: تیرهاوێژەکان
جێگیربن
کە رووناک بووەوە بجەنگن
هەردوو جەنگاوەرەکە: دنیا
روون بووەوە
( هەردوکیان کەوانەکانیان
رادەکێشن، ئەکتەرێک،
دارێکی بەدەستەوەیە گلۆپێکی
بەسەرەوەیە، خۆردەنوێنێ،
زۆر لەسەخۆ لە قولایی تەختەی
شانۆوە دەڕوا، بە درێژایی
جەنگەکە لای راستەوە دەچێ
بۆ چەپ، کاتێ خۆر بەرز
دەبێتەوە و دەگاتە سەر چیای
هۆراس، هۆراسیەکە دەکەوێتە
بەر سێبەر و کۆراسیەکە لەبەر
رووناکیدایە)
کۆریاسیەکە: ئاخ، خۆرەکە
کوێرم دەکا
ناتوانم بیپێکم
بەرامبەرەکەم لە تاریکیدایە
سێبەری چیاکە
شاردوویەتیەوە
(یەکەم تیر هاویشتن، تیری
کۆریاسیەکە بەرز تێدەپەڕێ

و تیری هۆراسیەکە ئەژنۆی
کۆریاسیەکە دەپێکێ)
کۆریاسیەکە: (تیرەکە لە ئەژنۆی
دەردەهێنێ)
من پێکرام و
بەرامبەرەکەم بەرنەکەوت
بیرم نەبوو کە
خۆر تەنیا ڕووناکی نادات
بەڵکو کوێریش دەکات
پێویستم بە ڕووناکیە و
دەبێ بزانم لەکوێوە هەڵدێ
دوژمنەکەم بەهۆی ئەژنۆمەوە
پەرێشانم دەکا و
جێگاکەشم خراپە
کۆرسی کۆریاسیەکان: چیت
لەدەستدا؟
(کۆریاسیەکە دەریدەخا چی
زیان لێ کەوتووە، دوو بەیاخ
لە کۆڵوانەکەی دەردەهێنێ و
فڕێی دەدا)
کۆرسی کۆریاسیەکان:
(لەگەڵ جەنگاوەرەکەی دوو
کۆمەڵ لە تابلۆی هێز نواندن
دەکوژێننەوە)
ئەوە دوو بەتارلیۆنت لە
حەوتەکە
دۆڕان، بەڵام
چەکەکەت باشە و گرانبەهایە
کات لەبەرژەوەندی ئێمەیە
خۆت مەخەرە مەترسیەوە
لەکۆتاییدا بڕیار
لای چاکترین چەکە
هۆراسیەکە: کەوانەکەم
دوور ناهاوێژێ
خۆرەکە چاوی بەرامبەرەکەمی
گرت و
تیرەکەم
بەلایەنی کەمەوە ئەژنۆی
شکاندووە
جێگاکەم باشە

کۆرسی هۆراسیەکان: (لەگەڵ
پیاوەکەیان)
بۆ بەردەوام ناجەنگی؟ جێگای
باش
هەمیشە بەباشی نامێنێتەوە
وەزعمان بەرەو خراپی دەڕوا
خۆر بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێ،
بەبێ وەستان
نیوەڕۆ جێی بەیانی دەگرێتەوە
هۆراسیەکە:
ئەوکاتەی خۆر بەرەورووی
بوو
ویستم بە سێ تیر لەناوی
بەرم
بەیەکەم تیر نەمتوانی بیکوژم،
بەڵام پێکام و
ئەو لە پەنا بەردەکەیەوە خۆی
حەشاردا و
ئیدی نەجەنگی، خۆر هەر لە
هەڵکشاندایە و
سێبەری چیاکەمان لە
کەمبووندایە و
خۆم لە دوژمنەکەم دوور
دەخەمەوە و
تیرەکەشمی ناگاتێ
کۆرسی هۆراسیەکان: شتێکی
دڵتەزێنە کە کەوانەکەت خراپە
بەڵام لەوە چاکتر شک نابەین
دەستەویەخە لەگەڵی بجەنگە
دەبێ هەموو ڕێگایەک
بگریتەبەر
هەرچی چۆنێک بێت، دەبێ
شتێک بکەیت
هۆراسیەکە: من لەگەڵ
رای ئێوە نیم، بەهەرحاڵ
دوژمنم زامدار کردووە
من تیرهاوێژم نەک بۆکس
وەشێن
تا ئامۆژگاریەکانتانم بەدەست
گەیشت
بووبە نیوەڕۆ، وا ئێستاش
کەوتوومە بەر ڕۆشنایی
کەواتە دەبێ بچمە شوێنێکەوە
کەبیگەمێ و ئەو چاوی نەبینێ
و بیپێکم
ئەوە قۆناغی دووەمی جەنگە
(خۆر دەگاتە ناوەڕاستی
هەردوو چیاکە بە شێوەیەک
هەردوو جەنگاوەرەکە لەبەر
ڕووناکیدان)
کۆریاسیەکە: خۆر لەپشت
چیاکەوە هەڵهات، دوژمن
هاتووەتە پێشەوە و لێمەوە
دیارە
ڕەنگە ئێستا بتوانم بیپێکم
هۆراسیەکە:
جەردەی ڕێگر وەرە دەرەوە و
تیرەکەت بهاوێژە، ئاخ
هیچ نابینم، خۆرەکە
چاوی منیشی کوێر کرد
(بەرەنگار بوونەوەی دووەم،
هەردوو تیرەکە بەبەرزی
تێدەپەڕن)
هۆراسیەکەو کۆریاسیەکە:
(ڕوو دەکەنە کۆرسەکانیان)
تێهەڵچوونی دووەم تەواو
هیچکام لە ئێمە
نەپێکراین
کۆرسی کۆریاسیەکان: (بۆ
جەنگاوەرەکەیان)
بەڵام حاڵت
باشتر بووە
هۆراسیەکە: خۆر بێ
بەزەییانە لەگەڕدایە
بێ وەستان نیوەڕۆ بەرەو
ئێوارە دەکشێ
بەڵام دەبێ من چی بکەم؟
من چاوم دەیبینی چونکە
خۆر لەکاتی نیوەڕۆدا بوو
دیارە دوژمنەکەشم بەرچاوی
لێڵ بوو
کەواتە دەبێ بەرەورووی بڕۆم
وەک چۆن ئامۆژگاریتان کردم
دەبێ دەستەویەخە لەگەڵی
بجەنگم
(چەند هەنگاوێک بەرەو چەپ
دەنێ، دەوەستێ، دەستی
دەخاتە بەر چاوی)
ویستم بەرەورووی بچم بەڵام
خۆر کەوتە پشت چیای
دووەمەوە
دوژمن
لەبەر سێبەر و، منیش
بەتەواوی لەبەر ڕووناکیدام
ئێوارە ئامۆژگاریەکەتانم پەیڕەو
کرد، بیرم چووبوو
کە نیوەڕۆ پێتان ڕاگەیاندبووم
(خۆر دەچێتە پشت چیای
دووەمەوە و کۆریاسیەکە
بە تیری سێهەم هۆراسیەکە
دەکوژێ)
کۆریاسیەکە: سەرکەوتن!
دواتیرم
پێکای، حاڵم کە خراپ بوو
بە درێژایی ڕۆژ بەرەو چاکی
چوو
هەر کە وەزعم باش بوو
تیروکەوانە نایابەکەم بە
ئەنجامی گەیاند
کۆرسی کۆریاسیەکان:
سەرکەوتن، سوپایەکی دوژمن
بنبڕ کرا، پێنج بەتارلیۆنی
تیرهاوێژ
ماونەتەوە بۆ دوا جەنگ، پاش
کەمێک حەوانەوەی

بەرەو رۆژهەلات دەجولێن، تا
لەگەڵ سوپاکانی ترمان
یەکگرن
کۆرسی هۆراسیەکان:
لەوکاتەوەی بۆ دواجار ویستی
هێرش بەرێ، ئێمە
لەسوپاکەمانەوە
هیچ هەواڵێکمان نییە، دەبێ وای
دانێین
کە ئەو قەلاچۆ کرابێ
ئەو بە یەک جێگاوە لکابوو
ئەو بە یەک چەکەوە
نووسابوو
ئەو خۆی گرێدابوو
بە هەمان ئامۆژگاریەوە، بەلام
خۆریش
بێ بەزەییانە بەرەو ئاسمان
دەکشا، بەبێ وەستان
بەیانی بووبە نیوەڕۆ و نیوەڕۆ
بووبە ئێوارە
(بۆ هاوسەری فەرماندەکەیان)
خانمەکە، لەهاوسەرەکەتەوە
هیچ هەواڵێک نییە، بەلام
لەشاری دوژمنانەوە
ئاهەنگی سەرکەوتن دەبیستین،
وای بۆ دەچین
تیرهاوێژ لەناو چووبێ
(خانمەکە بەرگی بێوەژنان
دەپۆشێ)
حەوت مەفرەزە لە تابلۆی هێز
بسڕنەوە
لەشوێنی خۆی نەماوە
ئەو نەخشەیەی بۆمان
کێشابوون
دەبێ ئەوانی تر بە ئەنجامی
بگەیەنن
(حەوت هێز لە تابلۆکە
دەسڕنەوە)
دوژمن بەدۆڵەکانماندا دێنەوە
لە سوپاکەیاندا بەکرێگیراوانیشی
تیادایە
ئەوانەی خوێنی خۆیانیان
رشت، دەبێ ئێستا باجەکەشی
بدەن
زەویە بە پیت و بەرەکەتەکە
لەبەردەلانێک زیاتر نییە
ئینجا دوژمن دانەوێڵەکەی دەبا
جوتیارەکە
ئارەقی نێوچاوان دەرێژێ و
شمشێر بەدەست نانەکەی
دەخوا

جەنگی رم بەدەستەکان

کۆرسی هۆراسیەکان:دوژمن
بە تووڵەرێگاکاندا
خۆیان دەکەن بە چیاکانماندا
رم بەدەست، دەبێ لەکەناری
رووبارە بەخوڕەکەدا
بیوەستێنی
هۆراسیەکە: دەیبینم نزیک
دەبێتەوە، رمەکەی
زۆر قەبەیە، لەبەرەنگار
بوونەوەی راستەوخۆ
ناتوانم بیوەستێنم
ئەگەر ئێوە قایل بن
دەمەوێ بێ ئەوەی خۆم بخەمە
مەترسیەوە
بیبەزێنم، بەلام
بۆ ئەوە رێیەکی دوورم لەبەرە
و
کاتێکی کەمیشم بەدەستەوەیە
کۆرسی هۆراسیەکان: ئێمە
رازین، بەو مەرجەی
ئاگاداری هێزەکانمان بیت
تازە سوپایەکمان لەدەست
چووە
دوژمن راگرە

حەوت کەلکەکەی رم

(هۆراسیەکە بە زەحمەت بۆ
بەرەنگار بوونەوەی دوژمن بە
چیاکەدا دەڕوا، لە جێگایەکدا
بەهۆی رمەکەیەوە پیا سەر
دەکەوێ)
هۆراسیەکە: بەسەر
چیاکەدا هەڵدەزنێم، رمەکەشم
داردەست و قاچی سێهەممە
ئەو قاچەی هەرگیز ئازار
نازانێ
ئەوەی هەرگیز ماندوو نابێ
زۆر شت لەیەک شتدایە
(لەبەر کەندەلانێکدا دەوەستێ)
بەلام چۆن دەتوانم بەردەوام
بم؟ ئەوە کەندەلانە
کاتێ هەرزەکار بووم، خۆم بە
لقی
دار بەرووییەکدا هەڵدەواسی
بەسەر چەمەکەدا دەپەڕیمەوە
ناو باخێک
کە سێوی تیادا بوو،رمەکەم،
کە جاران
بەروو بوو، دەبێ ببێتەوە بە
لقێک
بەو شێوەیە دەتوانم کەندەلانەکە
ببڕم
زۆر شت لە یەک شتدایە
(رمەکە دەخاتە ئەوبەر
کەندەلانەکە و قەلەمبازی
بەسەردا دەدا)
کۆرسی هۆراسیەکان:دوژمن
بوەستێنە
وا گەیشتە دۆڵەکانمان
هۆراسیەکە: بەلام چۆن
بەردەوام بم؟ کەندەلانەکە بوو
بڕیم، بەلام ئەوە چاڵە بەفرە
چۆن بزانم، چەند قووڵە؟
دەبێ رمەکەم ببێتە پێوەری
قووڵایی
زۆر شت لە یەک شتدایە
(قوڵایی بەفرەکە دەپێوێ)
بەلام چۆن بەردەوام بم؟ چاڵە
بەفرەکە
زۆر قووڵە بۆ من و
بەردەلانیەکەی ئەوبەریش
زۆر بەرزە بۆ قەلەمبازی من،
دیسانەوە
دیقەتی رمەکەم دەدەم
من دەلێم دەبێ ببێتە داردەستم
زۆر شت لە یەک شتدایە
(بەهۆی رمەکەیەوە
چاڵەبەفرینەکە دەبڕێ)
کۆرسی هۆراسیەکان: ئەوە
دوژمن بەرەو پێشەوە دێت!
مەڕوماڵاتەکانمانی برد
خێراکە! دوژمن بوەستێنە
هۆراسیەکە: بەلام
چۆن بەردەوام بم؟ ئەوە
تووڵەرێییەکە
تەسکترە لە قاچی من، ئەگەر
لەو تووڵەرێیە بەربمەوە
مانای رەنجم بەخەسار چووە
دەبێ من رمەکەم بکەم بە
ترازوو
بۆ ئەوەی بەملاو ئەولادا
نەکەوم
لەکاتی سەرکەوتندا
زۆرجار بەلامەوە قورس بوو،
ئێستا
بەکەلکم دێ و من دەلێم
زۆر شت لەیەک شتدایە
(وەک پالەوانەکانی سێرک بە
کەنارەکەدا دەڕوا و بە رمەکەی
جەستەی هاوسەنگ دەکات)
کۆرسی هۆراسیەکان: ئەوا

دوژمن لە کانەکانمان
نزیک دەبێتەوە
هۆراسیەکە: من گەیشتم،
لەسەر ترۆپکەکەوە
خۆم شۆڕ دەکەمەوە
ئەو ڕێیەی دوژمن پیا دەڕوا
لە ژێر منەوە تێدەپەڕێ
بە تاشە بەردەکان دەیهاڕم
بە هۆی ڕمەکەمەوە دەتوانم
تلۆریان بکەمەوە
زۆر شت لەیەک شتدایە
( بەردێک دەجوڵێنێ)
ڕمەکەم لەنگەری دەگرێ
تا دوژمن دەگاتە ئێرە، بەری
بەردەکە دەگرێ
ئینجا بەیەک پەنجە پاڵی پێوە
دەنێم و
دوژمنەکەم دەهاڕم
زۆر شت لەیەک شتدایە
(تۆپەڵە بەفرێک دروست دەکا)
هێشتا دوژمنەکەم نەگەیشتووە
و
منیش زۆر ماندووم
(دادەنیشێ و چاوەڕێی دەکا)
پاڵێک دەدەمەوە و دەزانم
کە نابێ بخەوم و
ئەگەر کارێک بکەم ئەوەندە
ماندوو نیم، بەڵام
ئەگەر هیچ نەکەم، ئەوەندە
ماندووم
خەوم لێ بکەوێ
(دەخەوێ، کۆریاسیەکە
لەسەرخۆ و بە ئاگاوە تێدەپەڕێ،
لەکاتێکدا هۆراسیەکە نوستووە،
ئەو، شوێنە مەترسیدارەکە
دەبڕێ)
هۆراسیەکە: ئەوە خەبەرم
بووەوە و دیسانەوە
لە چیاکەدا خۆم پاراستووە و
کە لەخوارەوە دەڕوانم
دوژمن لەو جێیەوە تێپەڕیوە
کە دەمویست تیایدا تێی
بسرەوێنم
ئەو ڕۆیشتنەی گەیاندمێ
ئامانج
ئەوەندەشی ماندوو کردم
نەمتوانی ئەو نەخشەیەی
کێشابووم
بیبەمە سەر
کۆرسی هۆراسیەکان:ڕم
بەدەستاکەمان ڕێیەکی دوور و
درێژی بڕی و

بەسەر هەموو کۆسپەکاندا زاڵ
بوو
بەڵام ماندووبوون
گەیاندیە ئەو ئەنجامەی هیلاکی
دەیخوازێ
لە دۆڕاندنی جەنگ ستەمتر
ئەوەیە
لە خۆڕایی هەڵە بکەی
ئێستاش هەستە سەرپێ، ڕم
بەدەست
چیت کردووە بیری خۆتی
بەرەوە و سەرلەنوێ
بە ئومێدێکی کەمترەوە
بەرەو دوژمن برۆ
هۆراسیەکە: ئیدی
ناتوانم
ئەوەی لە توانامدا بوو کردم
کۆرسی هۆراسیەکان: ئاگاداربە:
ئەوە بەس نییە
لەسەر سەوزەگیاکە بخەوتیتایە
و هەورت بژماردایە
لە ئێستا خراپتر نەدەبوو
تۆ زۆرت کرد، بەڵام
دوژمنت نەوەستان
هۆراسیەکە: ئێ؟ ئەوەی
من کردم
هەمووی هەڵە بوو
کۆرسی هۆراسیەکان:نەخێر.
بەڵام تەواو نەتکرد
دوژمن بوەستێنە
تۆ داهێنانی زۆرت کرد
ئێستاش دەبێ داهێنانی نوێ
بکەیت
زۆر خۆت هیلاک کرد
دوژمن بوەستێنە
هەرچیەکت تا ئێستا کردووە
کاتێ دوژمنت وەستان
دەبێتە جێی شانازیت
ئەگەر دوژمنیش نەوەستێنی
هەر حەوت تەقەلاکەت بە (با)
دەچێ
بەڵام ئەگەر دوا هەوڵت بدەی
هەر هەشت هەوڵەکەت بۆ تۆمار
دەکرێ
هۆراسیەکە: من ڕازیم
سەرلەنوێ هەڵدەستمەوە
بە هەمان ڕێگادا دەگەڕێمەوە
کە پیایدا هاتبووم
بەرامبەر ئەو جەنگە
نابەرامبەرە
دەبمەوە و دەجەنگم
(کۆرس لە هۆراسیەکە دەڕوانن

کە بەرەوخوار دەبێتەوە،
بەردەکان تلۆر دەکاتەوە و
ڕمەکەی لە ژێر دەر دەهێنێ، بە
تولەڕێی کەنارەکەدا تێدەپەڕێ،
بەسەر چاڵەبەفرەکەدا باز دەدا،
خۆی بە ڕمەکەدا هەڵدەواسێ
و لە کەندەڵانەکە دەپەڕێتەوە،
لەگەڵ هەرەس هێنانی بەفردا
دەگلێ، ئەو پەلە زۆرەی
قوربانی لێ کەوتەوە، یەکێ لە
بەیاخەکانی لە چاڵەبەفرەکەدا
نوقم دەبێ، یەکێکی لە تولە
ڕێگاکە لێ دەکەوێ و یەکێکی
تری لێ بەردەبێتە دۆڵەکە)
کۆرسی هۆراسیەکان:دەست
بکە بە گەڕنەوە
کاتت زۆر بەفیڕۆ دا، زیاتریش
لەدەست دەدەی
لاواز بوویت، دەبێ ئێستا زیاتر
هەوڵ بدەیت
زریان و هەرەسی بەفر
ئەوی سەرکەوتن لەبەرچاو
بگرێ بەسەر
کۆسپ و تەگەرەدا زاڵ دەبێ
بەڵام ستەم لەوەدایە
بۆ بەنگار بوونەوە
دەبێ لەگەڕانەوەتدا
بە هەمان مەترسیە کۆنەکاندا
تێپەڕی
پاش گەڕانەوە
دوو بەرابەر ماندوو دەبی
دوو بەرابەریش داهێنان
دەکەی
تا بگەیتەوە ئەو جێ کۆنەی بێ
ماندووبوون
هی خۆت بوو
هەر داهێنانێک
بۆ دواوەت دەبا
هەر دەست وەشاندنێک
تەنیا هەڵەی کۆنت دەسڕێتەوە
لەگەڵ ئەوەشدا
بۆ خەباتکردن
دەبێ بگەڕێیتەوە و بجەنگیت
هۆراسیەکە: ئەوە شانسە،
کە من گەڕامەوە
ئەو شوێنەی لێوەی دەرچووم
من تەنیا یەک ڕێگا بەدی
دەکەم
ڕمەکەم زۆر کورتە
دڵنیا نیم لە سەرکەوتنی
نەخشەکەم
بەڵام بۆ وەستانی دوژمن

هیچ دەرفەتێکی ترم نیە
ئەم رمە بۆ نەخشەکەم زۆر درێژە
بەمجۆرە، ئەگەر نەتوانم درێژی بکەمەوە
خۆ دەتوانم کورتی بکەمەوە
(رمەکەی دەکات بە دوو کەرتەوە، یەکێکیان فڕێ دەدا و دەڕوا)
کۆرسی هۆراسیەکان:بەڵام ئێمە
سێ مەفرەزە لە تابلۆی هێز دەسڕینەوە
ئەوانەی لە بەفر و دۆڵ و کەندەڵاندان
ئومێدمان بەو سوپایەیە
کە کەم بووەتەوە

راونانی رووبار
کۆریاسیەکە: بەکەنار رووبارەکەدا دەڕۆم، لە لایەکمەوە چیایە و لایەکەی تریشم رووبار، چیاکە هی ئەوە نییە بتوانم پیایدا سەرکەوم و رووبارەکەش کەڵکی بەلەمی نیە چونکە لای خواروو قەڵبەزی ترسناک و کوشندەی تیادایە، بەرەورووشم ناتوانێ هێرشم بکاتەسەر چونکە رمەکەی من درێژە و رمەکەی دوژمنیشم ناگاتێ
(هۆراسیەکە بەسەر رووبارەکەوە دێت و رمەکەی کردووە بە سەوڵ)
لای راستەوە دوژمن دەبینم
لەسەر تەختەیەک بەسەر رووبارەکەوەیە و بەرەوخوار دەبێتەوە، من هیچ چەکی پێ نابینم، زۆر بەخێرایی دێت، من رمەکەم زۆر درێژە و ناتوانم بە ئاسانی لەناو ئەم تاشە بەردانەدا بجولێم، بەڵام ئەوە
ئەو سەوڵەکەی لە ئاوەکە دەرهێنا و رووی کردە من
هۆراسیەکە: لەگەڵ رووی رووبارەکە
بەرەو لێژیەکی زۆز سەخت دەڕۆم
رمەکەم سەوڵەکەمە
زۆر شت لەیەک شتدایە و ئێستاش کە من گەیشتمە دوژمن
سەوڵەکەم دەبێتەوە بە رم و تێی دەسرەوێنم
کۆریاسیەکە: لەگەڵ ئەو رووبارە بەهێزەو وەک بە سواری ئەسپێکی بەهیممەتی پێشکەوتنەوە بێ، بە لامدا تێپەڕی و رمەکەی تێ سرەوانم.. من کەوتم و بەرامبەرەکەم تیا چوو، دەبێ کەوتنەکە ئەوی نوقوم کردبێ ..منیش برینەکەم سەختە و لەم بەردەڵانیە بێ چرکە و جوولەم... لەبیرم کردبوو کە رووبارەکە تەنیا ئەوە نەبوو کە نەتوانرێ بەسەریدا تێپەڕی، بەڵکو بە ژیانی خۆ خستنە مەترسیەوە دەتوانرێ پیا تێپەڕی، هەروەها جێگەکەی منیش ئەوەندە عاسی نەبوو هێرشی نەکرێتە سەر، بەڵکو بە ژیان خستنە مەترسیەوە هێرشی بۆ دەکرێ، بەمجۆرە دوژمنەکەم تیاچوو، منیش بەخەستی پێکرام
کۆرسی کۆریاسیەکان:تۆ چیت لەدەستدا؟
(کۆریاسیەکە ئاماژە بە لەکیسچووەکانی دەکات و پێنج بەیاخی بچووک لە کۆڵوانەکەی دەر دەهێنێ و تووڕی دەدا)
کۆرسی هۆراسیەکان:رم بەدەست گلا
ئەوە چوار هێزی تر لە تەختەی هێز دەسڕینەوە
لەو جێیە نەماون، کە لێی بوون
ئەو نەخشەیەی پێکەوە کێشابوومان
دەبێ ئەوانی تر بەجێی بگەیەنن
(چوار هێز لە تابلۆی هێز دەسڕنەوە، هاوسەری رم بەدەست پۆشاکی بێوەژن دەپۆشێ)
هاوسەری رم بەدەست: چۆن جەنگی؟
کۆرسی هۆراسیەکان: دوژمنی وەستان
ئەو دوو رێی هەڵبژارد و بەسەر هەموو کۆسپەکاندا زاڵ بوو
لە کۆتاییدا سواری رووبارەکە بوو
هێزە کەمەکەی خۆی خستە پاڵ
هێزی مەزنی رووبارەکە
بەڵام ئەو رووبارەی بەرەو دوژمن هەڵیگرت
خۆیشی راپێچ کرد
ماوەیەک دەبینرا هێشتا سەوڵی لێدەدا، تا قەڵبەزەکان
زۆر هەوڵیدا بگاتە کەنار، بەڵام تاقگەکان
هەڵیانلووشی، دوژمنەکەی نەکوشت
بەڵام دوژمنێکی بێ هێز و توانای
بۆ جەنگاوەرەکانی دوای خۆی جێهێشت
کۆرسی کۆریاسیەکان:( پێنج کۆمەڵ لە بەشی رم بەدەست لە تابلۆی هێز دەسڕنەوە)
لە حەوت بەتارلیۆن پێنجیان گلان، بەڵام
سەرکەوتنمان مسۆگەرە، جەنگاوەرەکانمان
وا مل دەنێن، پاشگەزبوونەوەیان نیە
دڵەراوکێ باڵی بەسەر دوژمندا کێشاوە، ئەو
لە تیرەکانمان هەڵدێ و خۆی فڕێ دەداتە ناو ئاوەکە
دەستکەوتمان بێ ئەندازەیە کۆریاسیەکان!
ئێوەش کێشەکانتان لەسەر زەوی تازە و کانزا نوێیەکان دواخەن، سبەی
دوا پیا هەڵپرژانە
سێ جەنگاوەری ئێمە بەرامبەر یەکێکی دوژمنە
هاوسەرانی هۆراسیەکان: پیاوەکانمان وەک مەڕی قەسابخانە
یەک لەدای یەک دەکەون
هەر ئەوەندەی خوێنرێژەکە بیانگاتێ
دەگلێن
ئەوی پلانی چاکیشی هەبوو گلا، ئێمەش
شادمانین بە ئازایەتی و بە نەخشەکانیان و
دەگرین، خۆشحاڵین بەوەی دەجەنگن
ئێمە بۆ ئەوە دەگرین کە لەناو دەچن

هەرکەسێ گەڕایەوە ئەوە سەرکەوتوو نیە
بەڵام ئەوان هیچیان نەگەڕانەوە و
سەرکەوتنیشیان بەدەست نەهێنا

کۆرسی هۆراسیەکان: چەتەکان دێن
جەنگ لەپەڕی گەرمیدایە و
ئەوان فلزە خامەکانیان برد
نەرەی جەنگاوەرەکانیان کە
زامەکانیان کوشندەیە
تێکەڵاوە لەگەڵ
فەرمانەکانیان بۆ کارگەران

جەنگی شمشێر بەدەستان

هۆراسیەکە: دوو رۆژە دوژمنەکەمم چەقاندووە، ئەو توند خۆی پێچاوەتەوە، من چاوەڕێی تیرهاوێژ و رم بەدەستم هێرش بکەن
(کۆریاسیەکە رمە شکاوەکەی هۆراسی دووەم و کەوانەکەی هۆراسی یەکەم فڕێ دەداتە بەر پێی)

کۆریاسیەکە: براکانت لەناوچوون، تەسلیم بە

هۆراسیەکە: رم و کەوانەکە دەناسمەوە، دەبێ وەک کۆریاسیەکە وتی هاوخەباتەکانم نەمابن، کەواتە هەرچەندە خۆشی باش پێچاوەتەوە ناچارم هێرشی بۆ بەرم، ئەگەر وا نەکەم لەگەڵ تیرهاوێژ و رم بەدەست یەک دەگرن

کۆریاسیەکە: وەمزانی بەم قسانە ورەی دەڕوخێ و وازی پێ دێنێ، کەچی زیاتر ئاڵۆزا و هێرش دەهێنێ

هۆراسیەکە: لە لاوە هێرشی بۆ دەبەم
(کەمێک دەچێتە پێشەوە و دوو کۆریاسیەکەی تر دەبینێ کە کۆریاسیەکە لە پشت خۆیەوە حەشاری دابوون، رم بەدەست و تیرهاوێژ مەدالیای سەرکەوتنیان پێوەیە و هەردوکیان شمشێریان پێیە)

هۆراسیەکە: تازە فریا ناکەوم، ئەوان گەیشتوون

کۆریاسی شمشێر بەدەست:(بانگ لە رم بەدەست دەکات)
خێراکە و شمشێرەکەت دەرهێنە
جەنگ دەستی پێ کرد

کۆریاسی رم بەدەست: لای رووبارەکە و لە رێیەکی تەسکەوە
دوژمن فریدایە ناو رووبارەکەوە
حەوت هێزی لەدەستدا
لەگەڵ هەموو زیانەکانمان و
پەرش و بڵاوی هێزەکانمان
بە پەلە هەر خۆم گەیاندە شەڕی کۆتایی
(هاوار لە دواوە دەکات)
تیر هاوێژ خێراکە، ئەوە هات بۆ جەنگ

کۆریاسی تیر هاوێژ: هاتم
لەنێوان دوو چیا و
لە کەنارێک کە شارەزای نیم
لە سێهەمین تیر هاویشتن
دوژمنم پێکا
دەبێ پێش ئێوارە
دوا هێزیان ژێرکەوێ

کۆریاسی شمشێر بەدەست:من
حەوت هێزم لە دوژمن زیاترە

هۆراسی شمشێر بەدەست: ناتوانم هێرش بەرم، فەرقی هێزەکانمان زۆرە
(لە هۆراسیەکان دەپرسێ)
دەبێ چی بکەم؟

کۆرسی هۆراسیەکان:لەگەڵ جوامێری جەنگاوەرەکانمان و
شارەزاییان لە ناوچەکە و
بەکارهێنانی هەموو کەرەسەکانی جەنگ
دوو جەنگمان دۆڕان، دوو هێزمان تیاچوون
لە کوێ سێ ئافرەتی شارەکەمان
دوانیان پۆشاکی بێوەژنیان پۆشیوە
شمشێر بەدەست!
جەنگاوەرەکانی تۆ
دوا هێزمانە
تۆ چاوەڕێی پشتگیری بوویت
زیاتر چاوەڕوان مەبە، کەست پێ ناگا
کێڵگە و ماڵات و کارگەکانمان
لە ئەستۆی تۆیە
تەنیا تۆ
لە نێوان ئێمە و چەتەکاندایت

هۆراسیەکە: ئەوە هاتن
لەگەڵ ئەو هەموو هێزە دەمهاڕن
رووبەڕووی من سێ دەست و سێ شمشێرن
چۆن دەتوانم بەرگەیان بگرم و
قەڵغانەکەشم بێ کەڵکە

کۆرسی هۆراسیەکان:نەکەی بدۆڕێی
چەکەکانت چاکتر ناکرێن و
ئێستا بەکاریان بهێنە، دوژمنەکانت
کەم ناکرێنەوە، بەرەوڕوویان بەرەوە و
قەلاچۆیانکە
ئای! ئەوە چی دەکەیت؟
(هۆراسیەکە رادەکا)

کۆرسی کۆریاسیەکان: سەرکەوتن...دوژمنەکەمان هەڵهات
کۆریاسیەکان، دوایکەون

کۆریاسی شمشێر بەدەست: فریای کەون
دوژمن لە دەست هێزی لە بن نەهاتوومان
هەڵهات
فریای کەون دەنا لە دەستمان دەر دەچێ

کۆرسی هۆراسیەکان: راوەستە... گوێی لێمان نیە
دوا جەنگاوەرمان وازی هێنا
باشترین جەنگاوەرمان خۆی
بە دوژمن فرۆشت
(هۆراسی شمشێر بەدەست دەیەوێ بەدەم راکردنەوە بە دەست راوەشاندن دڵنیایان بکاتەوە)
هیچ دادت نادا، بۆچی هەڵدێی؟

کۆرسی کۆریاسیەکان:تەسلیم بن ! کلیلی شارەکەتانمان بۆ بنێرن
کۆریاسیەکان نەهێڵن لە دەستتان دەرچێ

کۆریاسی رم بەدەست:(لەگەڵ شمشێر بەدەست)
نەهێڵی دەرچێ
خۆ تۆ دەتوانی راکەی
(هەرسێ کۆریاسیەکە دوای دەکەون، بەڵام وەک یەک خێرا

نین، رم بەدەست برینەکەی
کاریگەرە و دەکەوێتە دواوە،
تیر هاوێژ زامەکەی سووکترە،
بەڵام هەر بە یەکەم ناگاتەوە)
کۆرسی کۆریاسیەکان:تەماشا
چۆن رادەکا
بەوە رزگاری نابێ
ژێرکەوتنیشی دەبێتە مایەی
شەرمەزاری
ئەوەندەش جوامێر نەبوو
سروودی قارەمانێتی بەسەردا
هەڵدەن
هۆراسی شمشێر بەدەست:
بەس نەبوو قەڵغانەکەم سووک
بوو
ئاخر بۆیە دەتوانم ئاوا راکەم
کۆرسی هۆراسیەکان:
شەرمەزاری کردین
کۆریاسی شمشێر بەدەست:
بەوپەڕی تواناموە رادەکەم
بەڵام قەڵغانەکەم قورسە
هۆراسی شمشێر بەدەست:
منیش وەکو تۆ ڕادەکەم
خێراتر راکە
ئەگینا لە دەستت دەر دەچم
کۆرسی هۆراسیەکان:هێزەکانی
بکوژێننەوە
ئەو نەخشەیەش بۆ ئەو
کێشابوومان
بیسڕنەوە
(لەو کاتەدا کە دەیانەوێ
هێزەکانی شمشێر بەدەست
بسڕنەوە و لە نیوەی سڕینەوەدا،
هۆراسیەکە هەڵدەگەڕێتەوە بۆ
کۆریاسی شمشێر بەدەست و
ئەوانەی دوای کەوتوون پەرش
و بڵاو دەبنەوە)
راوەستن! دەگەڕێتەوە
هێرش دەبا
کۆرسی کۆریاسیەکان:هێرش
دەکا و
شمشێربەدەستەکەمان خڵتانی
خوێنە
قەڵغانەکەی قورس بوو
تیر هاوێژیش نەیتوانی لەگەڵی
دەرچێ
کۆرسی هۆراسیەکان:تیر
هاوێژەکەمان ئەژنۆی هاڕیوە
کۆڵ و پۆستاڵ خودەکەی پێ
داکەندووە
کۆرسی کۆریاسیەکان:رم
بەدەستەکەمان
لە دواوە ماوەتەوە
کۆرسی هۆراسیەکان:رم
بەدەستەکەمان
پەراسووی هاڕیووە
هۆراسی شمشێر بەدەست پاش
بەرەنگاربوونەوەیەکی کورت
کۆریاسی شمشێر بەدەست
دەبەزێنێ و بەرەوڕووی
کۆریاسی تیر هاوێژ هێرش
دەکا)
کۆرسی کۆریاسیەکان:شمشێر
بەدەست گلا
دوانزە کۆمەڵ لە تابلۆی هێز
بسڕنەوە
(هۆراسیەکە دەگاتە تیر هاوێژ،
شمشێرەکەی لەدەست دەخات
و دەیگلێنێ و بەرەو ئەویتریان
رادەکا)
کۆرسی کۆریاسیەکان:تیر
هاوێژیش کەوت
دوژمن هەر بەردەوامە،
دواکەوتنەکە
دواکەوتوانی لەیەکتر جیا
کردەوە، هەڵهاتنەکەی
بۆ هێرش بوو، تەنیا رم
بەدەست ماوە
ئەویش بەسەختی بریندارە
(هۆراسیەکە دەگاتە رم بەدەست
و بە ئاسانی لەناوی دەبا)
نۆزدە هێز بکوژێننەوە
ئەوانە نەماون
ئەو پلانەی دامان رشتبوو
کەس نەماوە بەجێی بگەیەنێ
(هەرسێ ئافرەتەکانی کۆریاس
بەرگی بێوەژن دەپۆشن و هەر
نۆزدە هێزەکەش دەکوژێننەوە)
کۆرسی هۆراسیەکان:
سەرکەوتن!
شمشێر بەدەست
فێڵەکەت دوژمنی پەرتەوازە
کرد و
بە هێزیش توانیت لەناویان
بەری
هۆراسی شمشێر بەدەست: تیر
هاوێژم دی
لە ژێر دەسکەوتەکانیدا
دەینقان
رم بەدەستیش بە دەستی بەتاڵ
نزیک بووەوە
شمشێر بەدەستم دی بێ
خەڵاتی سەرکەوتن
ئینجا زانیم پێکەوە شاڵاوم بۆ
دەهێنن
کە شمشێر بەدەست لای
کردەوە
یەکێکم دی بە خەڵاتی
سەرکەوتن و
ئەوی دی بە دەسکەوتەوە
ئینجا زانیم
ئەوەی وەک یەک سوپا
بەرەوڕووم دێ
لە بنەرەتدا سێ سوپا بووە و
دەکرێ
جارێکی تر ببنەوە بە سێ
سوپا
ئینجا بۆم ئاشکرا بوو کە
یەکێکیان بەهێز بوو
ئەویتر دەشەلی و
سێهەمیان خۆی کێش دەکرد و
بیرم کردەوە کە هەرسێکیان
دەتوانن بجەنگن، بەڵام
تەنیا یەکێکیان دەتوانێ راکا
کۆرسی هۆراسیەکان:چەتە و
رێگرەکان گەڕێنرانەوە
تیر هاوێژەکەمان تەواو
حازربەدەست نەبوو
تا بتوانێ بە باشترین شێواز
کەرەسەی جووڵە لە ژینگەدا
بەکار بهێنێ
بەڵام رم بەدەستەکەمان
لە خۆی و بەلەم و پارچەی
رمەکەی
هێزێکی کتوپڕی دروست کرد
و
شمشێر بەدەستەکەمان بە فێڵ
دوژمنەکەمانی لە یەکتر دابڕی
و
بە توانای خۆی لەناوی بردن
تیر هاوێژەکەمان دوژمنەکەی
بێهێز کرد
رم بەدەستەکەمان دوژمنەکەی
بە خەستی پێکا و
شمشێر بەدەستەکەمان
سەرکەوتنی بەدەست هێنا
**تەواو**

**سەرچاوە**
Die Horatier und die /Kuriatier
SUHRKAMP VERLAG BERLIN/1958

# شانۆیی

# ببورە .. هەڵەبووم

**داڕشتنەوەی دەق**
**موفق عارف لهۆنی**

***سەرنج :**
-1داڕشـــتـــنـــەوەی ئـــەم دەقـــە بە شێوەیەک ئەنجامدراوە کە شیاوبێت بۆ کارکردن لە گۆڕەپانی خوێندنگەو باخچەو شوێنە کراوەکان .
-2ئـەم دەقـە زەمینەیەکە بۆ کاتی ئیشکردن و لە کاتی پرۆڤەو ڕاهێناندا هەندێ گۆڕانکاری بەسەردا دێت بەمەرجێ مەبەستی گشتی کارەکە نەگۆڕێت و لەکاتی نمایشکردندا پێدەچێ لـەوەرگـرتـنـی سەرنجی بینەران و بـەشـداری پێکردنیاندا دووبارە گۆران و زیادەکاری ڕوبدا . بەکورتی ئەم دەقە زەمینەیەکی لەبارە بۆ تێبینی و گۆڕانکاری و (ارتجال) ی کاتی پرۆڤەو نمایش..

**(سەرەتا)**
*دیمەن/ گۆڕەپانی خوێندنگەیەک .. کـۆمـەڵـێ ئـەکـتـەری گـــەورەو مـنـاڵ لـە هـــەردوو ڕەگـــەزی نێرو مـێ و هـەریـەکـەیـان یـەکـێـک لە پـێـداویـسـتـیـەکـانـی نـمـایـشـەکـەی لـە ئـیـکـسـسـوار و پـارچـە دیـکـۆر هەڵگرتووە و بەناو شوێنەکەدا بڵاو بونەتەوە ...
لـێـبـوک (مـــهـــرج): (زەنـگـێـکـی بـەدەسـتـەوەیـە و چـەنـد جـاری زەنگەکە ڕائەوەشێنێ )
ئازیزانم ..بەخێرهاتن . وەک ئەبینن ئێمە کۆمەڵێ ئەکتەرین ئەمانەوێ بە هاوکاری ئێوەو بۆ ئێوە چەند دیمەنێکی نواندنتان پێشکەش بکەین کە لە کۆتایدا هەموو بینراوەکان نمایشێکی شـانـۆیـی بـەچـێـژو پڕ مـانـا پێک ئەهێنن بـەنـاوی ببورە هەڵەبووم.
جا نازانم ئێوە ئامادەن بەشداریمان بکەن ؟.. (وەڵامی مناڵە بینەرەکان) زۆر چـاکـە . بـاسـەرەتـا ئـەم ئازیزانەتان پێ بناسێنم (ئەکتەرەکان و کـەسـێـتـیـەکـانـیـان ئـەنـاسـێـنـێ )
1 ئــەوەش بـزانـن هـەریـەکـە لـەو ئەکتەرانە ڕۆلێک زیاتر بەرجەستە ئەکەن بۆ نمونە:-
کوڕ 1/ من ڕۆڵی قوتابیەکم هەیە کـە ئـەم جانتایەم بـەدەسـتـەوەبێ بەڵام کاتێ ئەم کڵاوەم کردەسەرو جانتاکەم داناو ئەم دارلاستیەکەم گـرت بـەدەسـتـمـەوە ئـەوا ڕۆڵـی مناڵێکی لاسار ئەبینم .. ئەها بەم جۆرە(بە نواندنی کۆمیدی و شێوە زیادە ڕۆیی (مبالغه) ئەیەوێ جوڵە بکات )
لێبوک / (ڕایئەگرێ ) ناجاری نا . (ناوی ئەکتەرەکە ئەهێنێ ) جارێ خۆ نەمانووت هەموویان پێ بڵێ ..سوپاس فەرموو بچۆرەوە شوێنی خۆت ...(ئەکتەرێکی تر دەیەوێت خۆی بناسێنێت بـەڵام لێبوک پێی دەبڕێت) نا پێویست ناکات ...
(بـۆ بـیـنـەران) وابـزانـم ڕون و ئـاشـکـرایـەو پێویست بـە نمونەی تـرنـاکـات فـەرمـوو بـا پێکەوە ئەم دیـمـەنـە بـبـیـنـیـن...ئـابـیـرم چـوو سـەرەتـا باپێکەوە ئـەم گـۆرانـیـە بچڕین............

**(دیمەنی یەکەم)**
لـێـبـوک/ وابـزانـم سـەرەتـاش بە گۆرانیەک دەست پێ بکەین باشترە ...(بینەران وەڵام ئەدەنەوە) .. خۆ من بیرم چوو بپرسم حەزتان لە کامە گۆرانیە (وەڵامی مناڵ وەرئەگرێ) زۆر چاکە با کۆپلەیەکی گۆرانیەکە بلێینەوە بـەیـەکـەوە (ئـەتـوانـرێت بـە پـێ ی ئـــارەزوو و داواکـــاری مناڵەکان گۆرانیەکە بلێنەوە، ئەگەر نا ئەوا خۆی گۆرانیەک هەڵبژێرێ کە تایبەت بێ بە قوتابی و خوێندن و قوتابخانە ...
(هـەمـوو پێکەوە بـە سـەمـاوە ئەم گۆرانییە ئەچڕن )
**ئیوە گوڵن ئەستێرەن**
**زۆر خۆشحاڵین کە لێرەن**
**ئەم دیمەنە جوانانە**
**بـۆ ئێوەی منـاڵانـە**
**شانۆییەک پێک دێنن**
**ئێوەی گوڵیش ئەدوێنن**
**ئەم هاوڕێیانەی ئێوە**
**کـارێ ئەبـەن بەڕێوە**
**نواندن ئەنجام ئەدەن**
**پێشکەشی ئێوەی ئەکەن**
**ئەکتەرێکیش هەندێک کات**
**دوو ڕۆڵ نمایش دەکات**
**چونکە ئەم شانـۆییە**
**بۆ ئێوەی قوتابییـە**
**هەر هەموومان ئەزانین**
**خوێندن گرنگە بۆ ژین**
**با بەرەو پیری بچین**
**تا ئاسودە وسەربەرز بین**

لێبوک : (پـاش گـۆرانـیـەکـە) زۆر سوپاس ...چەپڵەیەکی تایبەتی بۆ هەموومان ...
مامۆستا : (مامۆستایەکی وشک و کەمێ ڕیشی هەیە لەو لاوە خۆی هەڵئەقورتێنێ)...
ئـەوە چی یە ئـەو هـەراو هوریایە ...ئـەمـە قوتابخانەیە یان سـتـۆدیـۆی ئـەسـتێران (یان ئەتوانێ بڵێ کـــوردســـتـــار–



ستارئاکادیمی....وشەیەکی لەو جۆرە )...لێبوک/ (رائەچڵەکێ ). ئەرێ وەڵا مامۆستا هات . وسبن وسبن مامۆستا هات . ئادەی تا تورە نەبووە لە من ..من ئەرۆم . بای ....

(لێبوک ئەرِوات و مامۆستا بە کتێبەکەیەوە دێت و ئەکتەرەکان لەسەر کورسی و شێوەی پۆل دروست ئەکەن بە تێکەڵی دائەنیشن)

مامۆستا/ یا الله .. وانەی ئەمرۆمان (ئەوەستێ وسەیری پۆلەکە ئەکات) ...

ئەوە چی یە ؟ بۆ ئاوا دانیشتون ..ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە ....

منالّی (1) کچ/ چی بووە مامۆستا ..هیچ هەڵەیەکمان کردووە؟...

مامۆستا/ تۆ جارێ بێدەنگ بە با کورێک وەڵام بداتەوە ...

منالّی(1) کچ/ بۆ مامۆستا هیچ بووە ..بۆ من قسە نەکەم ...

مامۆستا / ووتم تۆ نا ..ئادەی کورە تۆ پێم بلّێ دیسانەوە بۆ ئاوا دانیشتون...

منالّی(2) کور/ ئەی مامۆستا گیان خۆ راناکشێین...هەر ئەبێ لەسەر کورسیەکان دانیشین....

مامۆستا/ (تورە ئەبێ) مەبەستم راکشان نیە ...ئەڵێم بۆ وابە تێکەڵی دانیشتون ئەی من هەفتەی پێشوو جیام نەکردنەوە نەمووت ئەبێ ئەم ریزە تەنها بۆ کچان بێ و ئەوانی تر بۆ کوران

کچ (2):مامۆستا ...بچم بۆ سەر ئاو ؟

مامۆستا: نەخێر ...دانیشە .

کچ (2):ئاخر مامۆستا من ....

مامۆستا : (پێی دەبرێت ) دانیشە ...تا وانەکە تەواو ئەبێ دان بە خۆتدا بگرە ...ئا بیرم مەبەنەوە نەمووت جارێکی تر تێکەڵ مەبن بەیەک ...بۆ بەقسەتان نەکردم ..

منالّی (3) /ئاخر ...مامۆستا ئازاد ووتی ئەبێ ئاوا بە تێکەڵی دانیشن...

مامۆستا / نابێ ..نا. مامۆستا ئازاد لێ ی تێک چووە نابێ ئاوا دانیشن ...

منالّی (4) / ئاخر مامۆستا بۆ نابێ چ تاوانێکی تیایە .

مامۆستا/ نابێ و برایەوە .. تۆ کورِی و چۆن ئەبێ لای ئەو کچەوە دانیشی .. (لەبەر خۆیەوە ) ئەگەر پێم بکرایە مەکتەبەکانیشتانم جیا ئەکردەوە .. خوا پێ ی ناخۆشە .

منالّی (1) کچ/ جا مامۆستا باکورِ و کچیش بین جیاوازیمان چی یە ؟..

مامۆستا / (تورە تر) چۆن. چۆن.. هەزارو یەک جیاوازیتان هەیە . خۆ من دروستم نەکردووە...خۆی هەر هەیە . ئێستا ئەمەی پێ ناوێت نابێ بە تێکەڵاوی دانیشن ...

منالّی (2) / جا خۆ ئێمە لە کازیوەی (ناوێک) هەموو پێکەوە لە خولی فێر بوونی مۆسیقاین و پێکەوە گۆرانیش ئەڵێین ...

منالّی (5) / وەڵا مامۆستا ئێمەش لە کۆڵانی خۆمان کورِان و کچان پێکەوە ئەچین بۆ باخچەی لای مالّی خۆمان و هەر بەیەکیشەوە یاری ئەکەین.

منالّی (3)/ئەی ئەو رۆژە مامۆستای سرود هەموومانی پێکەوە بەشدار نەکرد لە گۆرانیەکەی (زوو هەڵئەستم بەیانی) .....(کەمێ گۆرانیەکە ئەڵێن) .

منالّی (4) / ئەی هەڵپەرکێ کە بۆ نالّێی هەموو بەیەکەوە دەستمان گرتبوو ..

مامۆستا/ (پێیان ئەبرێت ) ..حەی ..حەی...جا ئەمە ئاوا فێری عیلم و زانستتان ئەکەن. ئەمە خوێندنە..یان بەرە....(تەواوی ناکات) ...استغفر الله من ئەوانە نازانم .. ئەوانە کاری باش نین و نابێ بکرێن ..ئەگەر چی ئێستا ئێوە منالّن و زۆر شت نافامن بەڵام گەورەتر بوون ئیتر خەتەرە...

منالّی(1) / مامۆستا خۆ ئاگر ناکەینەوە بۆ خەتەرە...

کچ : (زۆر تەنگاوە ) تو خوا مامۆستا با بچم بۆ سەر ئاو ...زۆر تەنگاوم ...

مامۆستا / وتم نابێت بەسە ...(رووئەکاتە منالّی 1 ) قسە زل، لە ئاگر خراپترە . یاری کردنە بە ئاگر ..باروت ...بۆمب. دەی کاتی وانەکەتان بە فیرۆ دام بەم قسە بێ بنەماو بێ مانایانە . هەستن دەی کچان بۆ ئەم ریزەو کورِان بۆ ئەوبەر ئەگینا....(قوتابیەکان ناجولّێن و مامۆستا تورە تر ئەبێ) لەگەڵ ئێوەمە خێرا دەی هەستن...

کچ : مامۆستا ئیتر ئارامم نەما ...دە با برۆم...(کچەکە خۆی بۆ راناگیرێت بەرەو دەرەوە رائەکات،لەو کاتەدا مامۆستا ئەیەوێ لێی بدات بەڵام لێبوک خێرا دێت و دەستی دەگرێت و نایەڵێت )

لێبوک / (زەنگەکەی دەستی رائەوەشێنێ و دیمەنەکە رائەگرێ) . تەواو مامۆستا ...وانەکە تەواو واز لەو قوتابیانە بهێنە پشوو بدەن ...(روو لە بینەران ئەکات و دەربارەی ئەم رووداوەی ناو پۆلەکە ونواندنی توندو تیژی لە ناو پۆلدا پرسیار و وەڵام دروست ئەکات و بینەران هاوبەشی ئەم گفتو گۆیە ئەکەن و لەم کاتەدا لە سەکۆی نواندن دیکۆرو پێداویستی بینراوی داهاتوو دائەنرێ )

ئازیزانم.. ئەمە لەناو پۆلدا بوو ..با بزانین لە گۆرەپانی قوتابخانەکەدا چی رووئەدات .. ئەها با فریای ئەو دیمەنە بکەوین چونکە کاتی پشوەکە کەمە (زەنگ رائەوەشێنێ)....

**(دیمەنی دووەم)**

(سەرەتا ئەکتەرەکان ئەم گۆرانییە ئەچرِن)

**یارییە هەی یارییە**
**بۆ منالّان دیارییە**
**جێگای یاری بە جارێ**
**هەر خۆشی لێ ئەبارێ**
**ئەوەتانی لەم شوێنە**
**وا یاری خەتخەتێنە**
*********
**سەیری خەتییان کێشاوە**
**بەردێکیان تیا داناوە**
**لەناو خانەکانیدا**
**ژمارەی تیا نوسراوە**
**کە نۆرەی هەر کەسێ بێ**
**پێویستە رێکوپێک بێ**
********
**بەردەکە خانە خانە**
**بەرەو پێش بیات ژیرانە**
**ئەو کەسەی کە وریایە**
**رێزی هاورِێی لە لایە**
**بۆ ئەوەی خۆشی یاری**
**بییا بەرەو بەختیاری**
****

(دوو کچی قوتابی خەتیان کێشاوەو خەتخەتێن ئەکەن) ...

کچ(1)/ ئەها کەوتی سەرەی خۆمە ...(یاری ئەکات) ...

کوڕ(1)/ ( بە تۆپێکەوە .. شەقی لە تۆپەکە هەڵداوەو خۆی ئەکات بەناو شوێنی یاریکردنی دوو کچەکەو یاریەکەیان لێ تێک ئەدات)..

کچ(2) / ئەوە بۆ وائەکەی ..وەیش لە تۆ ..شوێن براوە یاری تیا بکەیت ئێرە نەبێت .. دەی لاچۆ.. ڕێزی کەس ناگریت...

کوڕ(1)/ (بە فشەکەرانە ئەدوێ ) جا چی یە ..زەوی زەوی خوایەو منیش یاری ئەکەم ..من مسیم (رونالدینۆم . هەر ناوێکی دی یاریزانەکان ...)ئێوە لاچن ..ئەم شوێنە تان پیس کردووە بەم تەباشیرە ...

کچ(1)/ ئاخر کوڕی باش ئێمە لە پێش تۆوە لێرەین و یاری ئەکەین ..مەیکە بە ناخۆشی بچۆ لەولاتر یاری بکە ..ئەگەر حەزیشت لێ یە وەرە لەگەڵ ئێمە خەتخەتێن بکە...

کوڕ(1)/ وەڵا جوانە .. باجی قلقل هەر ئەوەشمان کەمە.. .ئەی بۆ تەنورەکەی خۆشتم نادەیتێ..بێ مێشک....

کچ(2)/ جوان قسە بکە ..خۆت بێ مێشکی...(کوڕ تورە ئەبێ)

کچ(1)/ نا تورە مەبە من مەبەستم توانج گرتن نیە لە تۆ ..ببورە مەبەستم ئەوەیە زۆر ئاساییە کە پێکەوە یاری بکەین...

کوڕ(1)/ (هەر بە تورەیی) نەخێر ئاسایی نیە . چۆن ئەکرێ بەیەکەوە یاری بکەین ئێوە کچن و من کوڕم کوڕ...لە ئێوە بە هێز ترم ...ئەها (شەق لە تۆپەکە هەڵئەدات ) خۆ بینیتان..

کچ(2)/ جا ئەوە چی یە منیش ئەتوانم لە تۆ باشتر شەق لە تۆپ هەڵدەم ئەتوانم ڕابکەم ..هەر جۆرە یارییەک کە تۆ ئەیتوانی منیش ئەیتوانم ...

کوڕ(1)/ لەگەڵ ئەوەشدا تۆ کچی کچ ...

کچ(1) / خۆ ئێمە زۆرانبازی ناکەین ئێمە باسی یاری ئەکەین ...ئەگەر حەزت لێ یە وەرە با پێکەوە یاری بکەین، ئەگەر نا ..فەرموو برۆ لە شوێنێکی تر یاری بکەو مافی کەس پێشێل مەکە .

کوڕ(زۆر شەرمەزارە) ماف ...لێمان هەڵئەکەوی....وەرە دەرسێکیشمان پێ بلێرەوە . مامۆستا خان ...

کچ(2)/ ( کەمێ هەڵئەچێ) بەسە کەم توانج بگرە . برۆ بەڕێ ی خۆتەوە ئەگینا ئەچم لە (ادارە) شکاتت لێ ئەکەم ...(لەم کاتەدا زەنگ لێ ئەدرێ)...

کوڕ(1)/ خوا ڕەحمی پێ کردن و زەنگی چوونە ژورەوە لێدرا ..ئەگینا ....

لێبوک/ (دێنە ناو گۆڕەپانەکەوە و بەشداری ئەکات ) ئەگینا چی.. هەرەشەی چی ئەکەی کوڕی باش ..بەخۆتا بچۆرەوە ...(ڕایان ئەگرێت،واتە ئەکتەرەکان لە باری نواندنەوە ئەچنەوە باری ئاسایی خۆیان ) بەسە تەواو بوو بینراوەکە (ئەکتەرەکان ئەچنەوە دواوەو لەکاتی قسەکانی لێبوکدا دیمەنی دواتر ئامادە ئەکەن )...(بۆ بینەران) .....

قوتابیانی خۆشەویست ئێوەش وەک ئەم کوڕەی دیمەنەکە یاری لە هاوڕێکانتان تێک ئەدەن؟ (وەڵام)..(چەند پرسیار و وەڵام لە نێوان لێبوک و بینەراندا و ئەوانیش بەشدار ئەبن تا دیمەن ئامادە ئەبێ ) چاو گەشەکانم ...ئێستا با بچینە ماڵەوە و سەیری ئەو دایکە بکەین کە چۆن جیاکاری و بێ ڕێزی ئەکات لە نێوان منداڵەکانیدا . فەرموو ... (زەنگ لێ ئەدات ) ..

**(دیمەنی سێیەم)**

(کچێکی منال بە دەم گۆرانی وتنەوە یاری بە بووکەشوشەکەی ئەکات )

**بووکە شوشە،هاورێکەم**
**بێ تۆ چۆڵە جێ و ڕێکەم**
**من دڵی تۆ ناشکێنم**
**چیت ئەوێ بۆت ئەهێنم**
**جلی جوانت بۆ ئەکڕم**
**ئەتشۆم و پاک ئەتسڕم**
**وەک دووهاوڕێی دڵسۆز واین**
**بەیانی لەخەو هەستاین**
**دەم وچاومان پاک ئەشۆین**
**خۆ ئەگۆڕین نان ئەخۆین**
**ئەوسا ئەچین بۆ باخچە**
**بۆ ناو دار و گوڵخونچە**
**بە خۆشی ودڵنیـــایی**
**ئەیکەین بە بەزم و شادی**

دیمەن/ دایکێک خەریکی پاکردنی برنجە (یان هەر کارێکی وەک جل شتن ..ماڵ پاککردنەوە ...) کوڕەکەی خەریکی سەعی کردنە و کچەکەشی لەلایەوە یاری بە بوکە شووشە ئەکات و گۆرانی (بوکە شووشە جوانەکەم ) ئەڵێ ...

کوڕ/ دەی بەسە چاوەکەم من خەریکی سەعیم بالێم تێک نەچێ...

کچ/ (بە مەکرەوە) ئەها دایە لێم تورە ئەبێ و نایەڵێ یاری بکەم...

دایک/ کوڕە . ئەتکەم بە ساقەی ئەو کچە بۆ لێ ی تورە ئەبی و ...

کوڕ/ دایکە گیان کوا تورە بووم. ئەڵێم کەمێ لە گۆرانی وتن بوەستە سەعی ئەکەم ...ئێتر بۆ ئەمکەی بەساقەی و ئەم جیاوازی کردنە بۆ؟

دایک/ دەم درێژی مەکە . هەستە برۆ ئەو تەباخەم بۆ پرکە لە نەوت دەی با دەردەکەتان بۆ لێنێم دور لە (گوڵە) گیان (مەبەستی کچەکەیەتی)

کوڕ/ ئێ دایە گیان من سەعیم هەیە با گوڵە بچێ دەستی بەتاڵە...

کچ/ تۆ هەقی منت چی یە .. کوا دەستم بەتاڵە ئەها یاری ئەکەم..

دایک / چاوم ئەویش ئەبینێ و تۆش ئەبینێ ...ئەوە ئێشی ئەو تولفە نی یە .. ئێشی تۆیە زلە .. دەی خێرا بانەیەم بۆت .

کوڕ/ تولفی چی خۆ تەنها ساڵێ لە من منالترە ...

دایک/ئەو نازدارە دایکی بە قوربانی بێ ( بە کچەکە) ماچێکم بەرێ نوری چاوەکانم

کچ/ (هێندەی تر ناز ئەکا) دایە گیان جوتێ پێڵاوی سورم بۆ ئەکڕی ...

دایک/ وەی بەسەر چاو .. باباوکت بێتەوە پارەی لێئەسەنم و بۆت ئەکڕم

کوڕ/ ئەو نازدارەو ئێمە (هین)مان کردووە بە خۆمانا (بۆ خۆی) توخوا ئەمە ڕەوایە ...جیاکاریکردنمان ..هەرچی ئێشەکانیشە هەر بەمنی ئەکات...

دایک/ (بە تورەیی تاکە نەعلێ ئەگرێتە کورەکە ) ئەوە هێشتا نەچویت ؟ دەی خێرا... عەمرت ....نەمێنێ ...

کچ/ (بە خۆشیەوە ئەچێتە باوەشی دایکیەوە و کورەکەش بە غەم و تەریق بوونەوە تەباخەکە هەڵئەگرێ) دەی خێرا ...دوایی ئەو ژورەش پاککەرەوە .

کوڕ/ تۆ وس بە ...با....

دایک/ با...چی....ها ....وەڵا دەستی بۆ بەری دەستت ئەشکێنم ...دەی برۆ چەند بێ ئەدەبە ...لەبەر چاوی من خەریکە پەلاماری تولفەکە ئەدات ڕاست ئەکات خێرا کەو ئەو ژورەش بماڵە کە تەواویش بویت ئەو جلانەم بۆ هەڵخەو ..ئەو خۆڵ و خاشاکە بەرە بۆ ئەو کەلاوەیەو...

کور/ کەمە..هەندێ شتی تر ڕیز بکە ..ئەی کەی سەعیەکەم بکەم... بۆ ئەو نایکات چی لە من کەمترە ...(بە دڵی پڕەوە)...

کچ / من نایکەم .. من تاقانەم ..گوڵی ئەم ماڵەم..

کور/ تۆ گوڵی و ئێمە تەپاڵەین...

دایک/ نەک تەپاڵە تۆ حەیوانیشی ...دەبیبڕەوە (نەعلێکی تری تێدەگرێ ) (دایکەکە بە تاکە نەعلێکەوە بەرەو کورەکە ئەڕوات کە لێ ی بدات لێبوک دێتە نێوانەوەو ڕایان ئەگرێت و نواندنەکە ئەپچڕێنێ و بە ناوی خۆیانەوە بانگیان ئەکات)

لێبوک/بەسە (بە دایکەکە) ئەوە ئەڵێ ی تەواو چویتەتە ناو کەسێتیەکەوە ....

(بە پێکەنینەوە ) لایبە ئەو نەعلە خۆ خەریک بوو دانەیەکیش بکێشی بەسەری مندا ...(بۆ کورەکە) ئافەرین هەر لە خۆت ئەهات ئەو خەمباری و گریانە (بۆ کچەکە) بە ڕاستی تۆش بەناز و مەکر بووی (بۆ هەرسێکیان) برۆ پشوویەک بدەن (بۆ بینەران ) ها ئازیزان خۆ بێزارم نەکردون (وەڵامی منداڵی بینەر ) کامتان لە ماڵەوە وەکو گوڵە بەنازو مەکرن؟ ...ئاوایی ڕەفتار ئەکەن لەگەڵ براکانتاندا ....(کۆمەڵێ پرسیار و بەشداری پێکردنی منداڵەبینەرەکان پاشان ) مەرج نیە چەوسانەوە تەنها بەرامبەر بە (مێ-کچ) بکرێ وەک بینیتان جیاکاری و چەوسانەوە و پێشێل کردنی مافەکان بۆ نێرو مێ هەر وەک یەک وایە واتە هەر کامێکیان بچەوسێنرێنەوە وەیان مافەکانی پێشێل بکرێ هەر جیاکاری و نایەکسانی و بێ مافی یە ...(لە کاتی قسەکانی لێبوکدا، ژنێک بە گسکێکەوە منداڵێکی (کچ) ڕاو ئەنێ و ئەویش تەپڵێکی لە پێست دروست کراوی پێیەو بە ترسەوە ئەقیژێنێ و ڕائەکات)..

**(دیمەنی چوارەم)**

دایک/ بتگرم قژت دەسکەنە ئەکەم ....ئاخر زەمانە....

کچ/ وەی ...ئەیهاوار فریام کەون ..وەی دایکە گیان .. (ڕا ئەکات)

لێبوک/ (ئەچێتە نێوانیانەوە) بوەستە دایکەکەم ..لەسەر خۆ ...تۆ هێور ببەرەوە با لەیەک تێبگەین...(دایک هەر پەلە قاژەیەتی) تۆ جارێ ئەو گسکە داگرە بابزانین چی بووە...

دایک/ چی یە تۆش لێمان ئەبی بە محامی...تۆ هەقت چی یە کچی خۆمەو تەمێ ی ئەکەم ...لاچۆ (بۆ کچەکە) بەخوا شەلو کوتت ئەکەم...

کچ/ (ئەترسێ و ئەچێتە پشت لێبوکەوە) وەی بە قوربانت بم. بمپارێزە...

لێبوک/ئەرێ تۆ بوەستە..ئەو منداڵەت تۆقان ..کچی خۆتە خۆ شاری بێ حاکم نیە...چی کردووە؟...

دایک/ چی کردووە؟..ئەوەی ئەو ئەیکات هیچ عەقڵێ قبوڵی ناکات.

لێبوک/ باشە لەسەر خۆ (ئاوی ئەداتێ) تۆ کەمێ ئاو بخۆرەوە .... دەی فەرموو کەمێ دانیشەو لەسەر خۆ با تێ بگەین (هێور ئەبنەوە) دەی فەرموو..بابزانم ئەم کچە جوانە چی کردووە...

دایک/ ناتوانم بیگێڕمەوە . لەخۆی بپرسە...خەریکە حەیاو شەرەفمان ئەبات..

لێبوک/ حەیاو شەرەف. خوا نەخواستە ..بۆ چی کردووە...

دایک/ ئا بە خۆی بڵێ ...دەی حەیوان بۆ قسە ناکەی..

لێبوک/ (ڕو لە کچەکە ئەکا) ها چی بووە خوا نەکردە چ هەڵەیەکت کردووە...

کچ/ (بە ترسەوە ءەدوێ) لە مەکتەب هاوڕێکانم چونەتە خولی فێربوونی مۆسیقا و دایکم نایەڵێ من بچم..

لێبوک/ ئێ ئەمە چی تیایە ..هەڵەکە چی یە؟

دایک/ بەڵێ لێمان هەڵئەکەوێ ..کوڕانی..(حەمە کوڕانی)

لێبوک/ دەی تەواوی بکە...

کچ/ ئێتر منیش ڕۆژێ بە دزی دایکمەوە چووم بۆ خولەکە و کە ئەوان ڕاهێنانیان ئەکرد بە ئامێرەکانیان و من نەمبوو زۆر خەفەتم خوارد کە هاتمەوە بە پێستی ئەو بەرخەی کە باوکم کردی بە خێر ئەم تەپڵەم لێ دروست کرد بەدزی دایکمەوە...(دایکی هەر پیش ئەخواتەوە)

لێبوک/ (بۆ دایک) تۆ جارێ هەڕەشە مەکە بالێ ی تێ بگەم ..(بۆ کچ) ئێ دوایی..

کچ/ دوایی بۆ خۆم ئاوا تەپڵم لێ داو گۆرانیم ووت(تەپڵەکە لێ ئەداو هەر خۆی گۆرانیش ئەڵێ) کەچی

دایک/ هەی بێ حەیا ...بە بەر چاوی ئەو هەموو خەڵکەوە ...بەسە با پرچت نەبڕم...

لێبوک/ جا ئەمە چی تیایە....

دایک/ (دەهەری ئەبێ ) چۆن چی تیایە ...چۆن ئەبێ کچ تەپڵ لێداو گۆرانی بڵێ .. بەخوا ئەگەر براکانم بزانن هەردووکمان ئەکوژن....(لەم کاتەدا باوک دێتە ژورەوە)...

باوک/ بۆچی ئەتان کوژن.. سەردەمی جاهلیەتە...ئەو کچە چی کردووە ئاوا ئەڵێی بکوژت بەگیر هێناوە ...خۆ زەندەقی چووە(بۆ کچەکە) ئادەی وەرە چاوی باوکی...(کچە دێتە لایەوە) ئەمە خۆت دروستت کردووە(کچەکە بە گریانەوە بەسەر وەڵام ئەداتەوە) دەستەکانت خۆش بێ .

دایک/ پیاوەکە...ئەوە خۆ من وامزانی ئێستا تەمێ ی ئەکەی و فەلاقەی ئەکەی ؟..

باوک/ ژنەکە ..بۆچی فەلاقەی بکەم خۆ تاوانی نەکردووە بە پێچەوانەوە دەست خۆشی لێ ئەکەم کە داهێنانی کردووە ...(بۆ کچەکە) ئەتوانی گۆرانیش بڵێی...

کچ/ (بە ترسەوە) بەڵێ باوکە گیان..

باوک/ ئەی بۆ چی تائێستا نەمزانیوە

کچ/ لە ترسی دایکم...نەموێراوە

باوک/ لە ئێستاوە مەترسە و شەرمیش مەکەو لە سبەینێ زوتر نیە خۆم ئەتبەم بۆ خولی ڕاهێنانی مۆسیقاو گۆرانی و سەری مانگ کە موچەم وەرگرت بە دڵی خۆت یەک ئامێریشت بۆ ئەکرم ...(ماچی ئەکات ) .

لێبوک/ زۆر سوپاس بۆ ئەو باوکە دڵسۆزانەی وەک تۆ بیر ئەکەنەوە...

دایک/ (حەپەساوە) ئاخر زەمانە..(بۆ

خۆی) بەو خوایە ئەم پیاوە خڵەفاوە ..
کچ/ (باوەش بە باوکی دا ئەکات) زۆر سوپاس باوکە گیان...
باوک/ ئادەی حەزم لە گۆرانیەکە... (کچەکە خۆی تەپڵ لێ ئەداو گۆرانیەک ئەڵێ)....
دایک/ (لەبەر خۆیەوە) هەی لەم پیاوە وامئەزانی ئێستا تەپڵەکە بەسەرو چاویا ئەشکێنی .. کەچی داوای گۆرانی لێکرد ...ئاخر زەمانە (ئەڕوات) (کچەکە بەردەوام ئەبێ کۆپلەیەکی گۆرانیەکە ئەڵێ )
(گۆرانیەکە ئەڵێت)
کچ /

**بابە گیان بۆچی دایە**
**لەگەڵ منی کچ وایە**
**نازانێ لەم جیهانە**
**ناخم پڕ هیوای جوانە**
**منیش حەزم لە ژینە**
**لەخەندە و پێکەنینە**
**حەزم لە مۆسیقایە**
**دەی پێم بڵێ چی تیایە**
**منیش وەک (سمکۆ) ی برام**
**خاوەنی خۆزگە و خولیام**
**حەز بە گۆرانی ئەکەم**
**لەگەڵیا تەپڵ لێدەم**

باوک /

**نا..نا ..کچی شیرینم**
**هەر بە شادی بتبینم**
**مەگری مەگری گوڵی خۆم**
**منیش ئێستا لەگەڵ تۆم**
**مافی ڕەوای خۆتە تۆ**
**بەم شێوەیە بێیتە گۆ**
**پێمان بڵێ ڕاستەوخۆ**
**بۆ جیابم لەگەڵ سمکۆ**

کچ /

**ئەی بابە گیان من ئەزانم**
**تۆ لەگەڵ دایە گیانم**
**مەبەستتانە سەرکەوتوبم**
**مرۆڤێکی دەرکەوتوبم**
**بەڵام بەم شێوەیە نابێ**
**جیاوازیتان لە مێشکا بێ**
**ئەبێ ئێوە بە یەکسانی**
**تەماشامان کەن بە جوانی**

*************

لێبوک بە زەنگەکەی دیمەنەکە تەواوو ئەکات و ڕوو لە منداڵەکان ئەکات و چەند پرسیارێکیان لێ ئەکات دەربارەی ئەو دیمەنەو ئەتوانرێت بە "بە بوکەڵە" هاوکاری بکرێت لە پرسیارو وەڵامەکاندا)...
لێبوک/ خۆشەویستانم ...هیلاک نەبوون؟..ئەی بێزار نەبوون..باشە بۆ ئەوەی زۆر بێزارتان نەکەم ...فەرموو تا دیمەنی شانۆییەکەمان ببینن..سەیری ئەم منداڵە لاسارە بکەن چۆن ئازاری مەل و باڵندە و چۆلەکەکان ئەدات ...با بزانین کارێکی باش ئەکات یان...؟ نا جارێ وەڵامم مەدەنەوە بەڵکو خۆی پەشیمان بێتەوە...(ئەڕوات).

**(دیمەنی پێنجەم)**

دیمەن/ کۆڵانێکەو چەند دارێک دیارن.. منداڵێک بە دار لاستیکەوە(یان ئەکرێ ساچمە زەن بێ ) بە هێمنی نیشانەی گرتۆتەوە
منداڵی لاسار/ ئاخ.. هەڵفری.. سەگباب بۆ نەوەستای تا بتکوژم ...( نیشانە لە چۆلەکەیەکی تر ئەگرێتەوە) ئەها ئەوە کۆترێکە ...دەی خوایە نەفرێ...(پێوەی دەنێ) ئاخ...هەڵفری (زرمەی دەرگاو پەنجەرەو شوشە شکاندن) ئاە ..باوکە گیان بە خوایە کەتنم کرد...(ئەترسێ) (لە دورەوە دەنگی ژنێ ئەبیسترێ)
ژن/ چی یە دیسانەوە "دیار 2" تۆی ..کوڕە دەستت خۆش نەبێ شوشەت نەهێشت بە پەنجەرەکانەوە ...(ژنەکە دەرئەکەوێ و دەستەکانی کەفاوی یە) ئەیهاوار چۆن گیرمان خواردووە بە دەست ئەم کوڕە لاسارەوە....
منداڵی لاسار/ چی بووە دیسانەوە، بۆ نایەڵی بۆ ئەم نیوەڕۆیە دوو کۆتر سور بکەینەوە ؟
دایک/ کۆتری چی ...کوڕە ڕۆڵە بەسە دارو دیوار هەمووی بێزار بوون لێت پەنجەرەو دەرگات بەساغی نەهێشتوە ...مەل و باڵندە(چۆلەکەو کۆتر) هەمووی لێت ڕائەکات و ئەوەتا هەمووی ڕەوی کرد.. دەوازبێنەو بچۆرەوە بۆ مەکتەبەکەت ...
منداڵی لاسار/ (بە گاڵتەپێکردنەوە) حەی .. مەکتەب ...بچمەوە خۆم بکەمەوە بە حەماڵی دەفتەرو کتێب ...بۆڵە بۆڵی مامۆستا لاچۆ لاچۆ دایە گیان ئەها با ئەو چۆلەکەیە ...ئەها ...ئاخ نەتهێشت ترسا...(لەم کاتەدا کوڕوکچێکی قوتابی لە مەکتەب دێنەوەو بەشداری ئەکەن )
کچ/ نیوەڕۆتان باش ...چۆنن. کاکە دیار ئەوە چی یە بە دەستەوە ؟
کوڕ/ (چاکو چۆنی ئەکات) ئەوە دیار بۆ چەند ڕۆژێکە دیارنیت نایەیتەوە؟..
دایک/کاکم بووە بە شێرەی سەگکوژ ...چۆلەکەمان بۆ ئەکوژێ..
منداڵی لاسار/ جا ئێوە هەقتان چی یە ..بڕۆ لاچن با چۆلەکەکان نەترسن..
کچ/باشە کاکە دیار جگە لە ئازاردانی ئەو تەیرانە ...ئەی ئەگەر بەر چاوی کەسێ بکەوێ و عەزیەتی بدا چی ئەکەی ..خوا نەخواستە...
منداڵی لاسار/ چی ئەکەم . ڕائەکەم... ئەگەر ڕایکرد بە دواما و گرتمی ئەوا داوای لێبوردنی لێ ئەکەم و ئەڵێم قەزاو قەدەرە
دایک/ ئەویش ئەملاو ئەولات ماچ ئەکاو ئەڵێ دیار گیان دەستت خۆ بێ ...(ئەمە بە گاڵتە پێکردنەوە) بەسەری باوکت هەروا بە ئاسانی نایخۆی ...
کوڕ/ ئەزانی دیار ئەمڕۆ مامۆستا "حسین" هەواڵی پرسیت، ووتی ئێوە دراوسێ ی دیارن هەواڵی بپرسن بزانن بۆ نایەتەوە...؟ ئەی ووت خۆ نەخۆش نیە ..یان سەفەری نەکردووە ..
کچ/ ئێمەش بەڵێنمان دایە کە سەردانت بکەین..
منداڵی لاسار/ نایەمەوە ...تاقەتی مەکتەبم نیە ...دەبڕۆن دەی خواتان لەگەڵ ...من سەرقاڵم ...ئیشم هەیە و مەشغوڵم مەکەن....
کوڕو کچ/ (کەمێ احراج ئەبن) ئارەزووی خۆتە ...با ئێمە بڕۆین ...ئەوەی لەسەر مان بوو جێبەجێمان کرد ...ئێمە بۆ تۆمانە کەیفی خۆتە (هەردووکیان ئەڕۆن)...
منداڵی لاسار/ هەر لە مانم کەم بوو ...ئەڵێ ی خۆمان عەقڵمان نیە ...ئەوان ئامۆژگاریمان ئەکەن
دایک / جا خۆ خراپیان نەکردووە ...کەللە ڕەق بە قسەی کەس مەکە ...تا تووشی گێچەڵێک ئەبی و ئینجا پەشیمان ئەبێتەوە .. با بڕۆم بە لای ئیشەکانمەوە ...ئێستا عەولای باوکت بە نەرە نەڕ دێتەوە

...(ئەڕوات)...
منالّی لاسار/ تۆ سەیری ئەمانە ...ئەڵێ ی هیچ موشکیلەیەکیان نیە...تەنها من نازانم بۆ وازم لێناهێنن (کۆتریێ بەر چاوی ئە کەوێ) ئەها (نیشانە ئەگرێتەوە) بە ساقەی خوات بم ..هەڵنەفری ...(پێوەی دەنێ) کوشتم ..(لەم کاتەدا هاوارو گریانی منالێک و دەنگە دەنگی چەند کەسێکی ترو هەموو ئاماژە بۆ کۆلان ئەکەن) چی بوو کاکە گیان ...
منالّ/ ئای...دایکە گیان ..سەرم شکا ..(ئەگری)
ژن/ وەی دایکە بە قوربانت بێ ...ئەوە ئیشی کوڕەکەی عەولایە..
پیاوێ/ لەکۆلانە مەیەلّن ڕاکا بە خوا چاوی دەرئەکەم ...(چەند دیالۆژێکی لەم بابەتەو پاشان منالەکە بەسەری خوێناویەوەو دایکەکەی و باوکی و چەند کەسێکی تر دێنە کۆلان و پیاوەکە ئەیەوێ لە منالە لاسارەکە بدات و یەکێک ئەکەوێتە نێوانیانەوەو نایەلێت و دایکی منالەکە دێتەوە دەرەوە )
منالّی لاسار/ من نەبووم بەخوا نازانم کێ بوو
ژن/ هەی لاسار ئەوە نیە دار لاستیکەکەت بە دەستەوەیە (منالّ ئەیەوێ بیشارێتەوە)
پیاو/ هەردوو چاوت دەرئەکەم ..هەی بێ کەس..(هێرش بۆ منالەکە ئەبات) .
دایکی منالّی لاسار/ بێکەس نیە ئێستا باوکی دێتەوە بەخوا پێ ی ئەلێم بەشەق بیکوژێ ...ڕۆلە دیار نەمووت کەتنێ ئەکەی ئاخ چیت لێ بکەم .
کابرایەک/ کاکە شوکری خوا بکەن ...هیچ نیە شکاویەکەی کەمە ئێستا ئەیبەین بۆ خەستەخانە و بۆی ئەدورنەوە...ئەو منالەش مەترسێنن ..ئەزانم هەلەی کردووە ...پەشیمانیشە ...وانیە ڕۆلە...
منالّی لاسار/ بەلێ (خۆی ئەخاتە لای کابراکەوە) مامە گیان مەهێلە لێم بدەن...مەرج بێ ئیتر هەرگیز لاساری نەکەم و ئەوا دار لاستیکەکەشم شکاند...
کابراکە/ دەستت خۆش بێ ...بڕیارێکی زۆر باشە ...کەواتە داوای لێبوردن لەو منالە جوانە بکە ...لە تەیرو بالندەکان ..لە گەڕەک لە هاوڕێکانت ...
منالّی لاسار / زۆر داوای لێبوردن لە هەموویان ئەکەم (منالەکە ماچ ئەکات) زۆر داوای لێبوردن ئەکەم ...ببورە نەمزانی..
دایکی منالّی لاسار/ ئەی مەکتەبەکەت؟...
منالّی لاسار/ لە سبەینێ زووتر نیە ئەچمەوە بۆ مەکتەب و داوای لێبوردن لە مامۆستایان و قوتابیە هاوڕێکانیشم ئەکەم...هەرگیز ناچمەوە بەلای لاساریدا...
پیاو/ (باوکی منالە سەر شکاوەکە) مادەم تۆ بڕیارت داوە کە واز لەو کردەوە ناپەسەندانە بهێنی ...ئەوا ئێمەش لێت خۆش ئەبین...
ژن/ (دایکی منالە سەر شکاوەکە) پیاوەکە..چۆن لێ ی خۆش ئەبی ..ئەی سەری منالە ...
پیاو/ (باوکی منالە سەر شکاوەکە) ئەزانم سەری مالەکەشمان چاک ئەبێتەوە...کێشە نیە خوا ئەکات ئەم لەو کردەوە ناشرینانە پەشیمان ئەبێتەوەو ئەگەڕێتەوە سەر خوێندن ...
منالّی لاسار/ زۆر سوپاس ...دایکە گیان داوای لێبوردن لە تۆش ئەکەم تکات لێ ئەکەم ئەم ڕووداوە بۆ باوکم مەگێڕەوە با لێم نەدات ....
دایک/ بە مەرجێ دووبارەی نە کەیتەوە...
منالّی لاسار/ مەرج بێ ...
(هەموویان دەست ئەکەن بە پێکەنین...)
کابراکە/ دەکەواتە با ئێمە ئەم منالە بەرین بۆ خەستەخانە ...
لێبوک/ (دێتەوە سەر شانۆ) وەرە مەڕۆن ...بۆ کوێ ی ئەبەن ...
کابراکە/ ئەچین بۆ خەستەخانە سەری بۆ تیمار ئەکەین ...
لێبوک/ تەواو نواندنەکە تەواو بوو ..ئەوە ئارایشتە خۆ شکاوی ڕاستی نیە ...(بە کلینس خوێنە دەستکردەکە بە سەری منالەکەوە ئەسڕێ ) ئەها هیچی لێ نەهاتووە ...(بۆ هەموویان ) دەستتان خۆش بێ ...(بۆ منالە لاسارەکە) ئەزانی دەستت زۆر ڕاست بوو خۆ لە ڕاستیا لاسارنیت و دار لاستیکت نیە؟..
منالّی لاسار/ نەخێر ..هەرگیز حەزیشم لێ نیە چونکە ئازار بەخشە...
لێبوک/ زۆر باشە ...بابزانم ئەو منالە ئازیزانە چ سەرنجێکیان هەیە لەسەر دیمەنەکە (هەندێ پرسیار لە منالان...)
تا ئێستا ئێمە نواندنمان کرد ئێستا نۆرەی ئێوەیە ...پێویستمان بە چەند کوڕ و کچێکە کە پێکەوە چالاکیەکمان بۆ بکەن ...گۆرانی بێ یان نواندن یان هەلپەرکێ ...دەی بزانم کێ ئامادەیە ...(چەند منالێک هەلدەستێنێ و پێکەوە چالاکیەک ئەنجام ئەدەن) ئێمەش هاوکاریتان ئەکەین...
*(ئەم چالاکیە کراوەیەو ئەکتەران و بینەران پێکەوە ئەنجامی ئەدەن)
لێبوک/ ئازیزانم بە کۆتایی چالاکیەکە ...ئێمەش کۆتایی ئەهێنین بە نمایشەکەمان بەو هیوایەی کە ئیتر کەس جیاکاری نەکات و چەو سانەوەو ئازاری ئەوی دی نەدەین ....بە شادمانیتان ئەسپێرم...
هەموویان پێکەوە گۆرانی پێنجەم ئەچرن

**ئەی ئازیزە نەشمیلەکان**
**خونچە گولەووردیلەکانن**
**شانۆییمان کۆتایی هات**
**بۆ ئێوەمان کرد بە خەلات**
**هەتا بلێی پرلە پەند بوو**
**بۆ ژیانتان سوود مەندبوو**
**ئێوەی خستە شادمانی**
**شانۆییمان بە یەکسانی**
**دەی دەی هەموو هاوار بکەن**
**تا بە هیوای خۆتان بگەن**
**هەموو بلێن بابە و دایە**
**بلێن بە گشت مامۆستایە**
**بەیەکسانی بماندوێنن**
**لە ناخماندا گوڵ بروێنن**
**گوڵی سۆز و خۆشەویستی**
**واز لە جیاوازی بهێنن**

**موەفەق عارف لهۆنی**
**سلێمانی هاوینی 2009**

---

1) لەکاتی ناساندنی هەر ئەکتەرێک، ئەوا بە جولەیەکی شانۆیی سلاوی خۆی ئەکات بۆ بینەران کە زیاتر کۆمیدیە
2) دیار ناوی کوڕەکەیە.